# ئەدەبیاتی ژنانە، یان ژنانە بوونی ئەدەبیات

**ن: لەیلا سادقی**
**و:سەعید ئەمانی**



ئەدەبیاتی ژنانە بابەتێکە لەم رۆدا قسە و باسێکی گەرم و گوڕی هێناوەتە پێش: کەژنانەگی ئەم چەشنە ئەدەبیاتە، بەناچار لایەنی پیاوانەی ئەدەبیاتیش دێنێتە ئاراوە، کەوادارمان دەکات دوو جنسیەتی ئەدەبیات قبوڵ بکەین. بەڵام مەسەلە ئەوەیە ئەم شێوە هەڵسەنگاندنە زۆرتر لەڕوانگەی کۆمەڵناسی ئەدەبیاتەوەیەو پەیوەندی بەهۆویەتو ڕیشەی دیاردەناسی ئەدەبیاتەوە نابێ.

لەڕاستیدا، ئەدەبیاتی فیمینیستی، ئەدەبیاتێکە کەلەسەر ئەساسی چلۆنایەتی جێگاو شوێنی ژنان لەکۆمەل دا دێتە ئاراوە. جێگاو شوێنێکی کەلەمەوبەر لەلایەن پیاوانەوە دیاری دەکراو ئێستا ژنان بەباسکردنی گرفتو هەڵواردنەکان، ئێحساساتو جێگاو شێونە نا بەرابەرەکانی خۆیان لەچاو پیاوان دەنگی ناڕەزایەتییان هەڵبڕیوە. لەڕاستیدا ئەم چەشنە ئەدەبیاتە لەسەرەتاوە جێگۆڕکێی دەستەڵاتو نا سەقامگیری ئەو دەداتە بەر هەڵسەنگاندن. بابەتی ئەم شێوە ئەدەبیاتە، ژنانێکن کەلەچاو پیاوان لەڕوانگەی پێگەی کۆمەڵایەتیەوە بتەوێو نەتەوێ لەئاستێکی خوارترەوە دانو یان قەرار دەگرن کەبەلێکدانەوەیەکی ڕەوان ناسانە هێندێك جار لەڕوانگەی خۆشیانەوە ناکەونە ئاستێکی بەرابەرەوەو ئەم چەشنە ئەدەبیاتە هەوڵی وشیارکردنەوەو وەئاگاهێنانەوەی ناخود ئاگایی ژنان سەبارەت بەمافی لەدەست چویانو جێگاو شوێنی لەکیس چویانیەتیو لەوەهلەی دووهەم دا، دەیەوێ کۆمەڵگای پیاوسالار بداتە بەر ڕەخنە کەهەر لەبنەڕەتەوە سوننەتەکانی کۆمەڵ هەر ئەم ڕوانگە پیاوسالارانەیە دایڕشتوە. بەشێوەیەکی کەدایکانێکیش کەخۆیان ژنن، لەهەڵسو کەوت لەگەڵ کوڕو کچەکانیان دا بەچەشنێك دەجوڵێنەوە کەڕاستەوخۆ دەچێتە خزمەت پێگەیاندنی تاقمێك پیاوی سوننەتی ترو دەستەڵات خوازەوە. لەڕاستیدا ئەم ئەدەبیاتە ژنانەیە، هەوڵدەدات لەکۆمەڵی تاك جەمسری پیاوانەدا، ژنانیش بناسێنێو لەوەهلەی سێهەم دا، دوای دەستەبەرکردنی بەرابەریو مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو، دەست دەداتە هاوبەشو هاوڕاکردنی ژنانو پیاوان کەئەم بەشە بەکردەوە لایەنێکی ئیدەئالی ڕەخنەی فیمینیستییە کەگەیشتن پێی لازمەی وە پشت سەرنانی دوو مەر حەلەکەی پێشترە. پیاوانێك کەلەدەست دانی دەستەڵات بەگەورەترین نەهامەتی دەزاننو لەرێشەگەلی وجودی خۆیاندا، دەچنە مەیدانی گشت بەرەبەرەکانێیەکەوە بۆ ئەوەی سوکانی ئەم میراسە مێژوییەیان لەدەس دەرنەچێت. دەکرێ ئەدەبیاتی فێمێنیستی لەڕوانگەی بابەتیەوە بکرێتە ژێر مەجموعەی "ئەدەبیاتی ناڕەزایەتی" لەچەشنی ئەدەبیاتی ڕەش پێستەکان، کەمایەتیەکانو...

بەڵام لەژنانە بوونی ئەدەبیات دا، ئەوەی کەبەشێوەی ڕاستەوخۆ بەهۆویەتی ئەدەبیاتو بەناچار زمانەوە پەیوەندی هەیە، باسێکی دیاردە ناسییەکە لەزانستی زمان ناسیدا دەکرێ باسی لێبکرێ. بەهەڵسەنگاندنی زمانە زیندوەکانی دنیا، ڕووبەڕووی زمانگەلێك دەبینەوە کەکەمو زۆر جنسیت لەواندا ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕێ. لەزمانەکانی ئەوێستاییو سانسکریت دا، یەکانە زمانیەکان خاوەنی ئەم جەمسەرە جنسیانە بون کەلەڕەوتی مێژوودا، زمانی فارسی دەری گەیشتە ئاستی بان جنسیەتەوە (مەرتەبەیەکی سێهەم کەئیدئالی فیمینیستەکانیشە)و ڕۆڵی نێرو مێو سنوری نێوانیانی تێدا سڕایەوە. ئەم ناسنامە ژنانەیەی کەبەزمانە جنس گەراکانەوە دیارە، دەکرێ سەرچاوە لەهۆگەلی سروشتیەوە بێت، لەوانە سەمەردەهی فیزری کەدیارترین تایبەت مەندی بەمێوکردنە. ئەدەبیاتو زمان، هەردوو لەدەرەوەی بەشی واتایی شیاوی پەرە پێدانو هەروەها، لەحەوزەی واتاییدا، خۆ پەروەردەکردن دەبێتە هۆی پەروەردەی دیترانیش. بەم واتایەی کەزمان کاتێ لەسنوورە دیاری کراوەکان دەترازێ، پێدەنێتە پەروەردە بونێکی خۆ بەخۆیو گەراخستنێکی دەرونیەوە،

لەبەرئەوەی کەدەزانین، زمان کۆمەڵێك بڕیار نا مەگەلە کەبەشەر بۆ گەیاندنی مانا وردە وردە پێکی هێناوە " بەڵام پاش ماوەیەك ئەم ڕەوتە تووشی کۆسپ گەلێك هاتوە کەڕەگ ئاژۆو گەراخستن تێیدا پەکی کەوتوە بەچەشنێك بەشێك لەلایەنگرانی سوننەت ئەڵێن: ئەبێ جێگۆڕکێ بەوشەکان بکەین و بیانگۆڕین و شتیتر. لەڕاستیدا لەزاتی زمانی زانایاندا دەبێ سنورەکان بشکێن و بڕیارە کۆنەکان هەڵوەشێنەوەو سنوور گەلێکی تر دەستەبەر بکرێ بۆ دەربڕینی مانا. بەم مەبەستە، دابەشکردنی زمان بەدوو بەشی زەینی و وتاری کەهێشتاش دەکرێ شوێن پێیەکانی لەڕیشە شناسیدا بدۆزینەوە، لەهێندێك لەزمانە جنیسەت گەراکاندا دیارە. زمانی مێ و نێریش هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێ و سنورێك بۆ خۆی دەکێشێ کەهێندێك جار بەڕادەیەك کاڵ دەبێتەوە کەجیاکردنەوەی ناموکینە. زمانی مێ، زمانێکی زیندوەو زمانی هەڵچون و داهێنەرو گەشەیە. زمانی نێر، زمانی بوەکان و بڕیارو چوارچێوەکانە.

سەردەمانێك کەقسەکردن بوونی نەبوە، ڕەنگە بەشەر لەبزوتنەوەی بەکۆمەڵ دا بۆ پەیوەندی گرتنی، هێندێك دەنگی بەکاربردوە کەئەم دەنگانە هێدی هێدی مانای بەرین تری لەرێگای تێپەڕبونی مێژووەوە، تێکەڵاوی و گۆڕانی بەخۆیەوە بینیوە کەئەمە هەمان بزوتنی لەخۆ زایە لەزەینی بەشەرەوە سەرچاوەیان دەگرت و بەئاوێتە بوون لەگەڵ دەنگەکانی تر، یان ئاڵوگۆڕی مێژوویی خۆی، واتایەکی تریان بەدی دێناو بەم چەشنە بەرە بەرە پەرەیان گرت و گەیشتنە سنوری وشەو ڕستە، تا ئەو جێگایەی کەئێستا پەرەگرتنی ڕواڵەتی زمان جێگای خۆی بەدەروون زایی داوە، بەو واتایە کەئیتر کەس بۆ دەربڕینی چەمکێکی نوێ، لەخۆیەوە ئاوایەك دروست ناکات، کەئەم سنورە بەر تەسك کەرەوانەی زمان کەدەبنە هۆی بەستێنی ڕەگاژۆ بگۆڕدرێن و واژەیەك بەگۆڕانی هۆویەتی کار بوردی خۆی، لەدەروونەوە دەگۆڕێ و دەبێت بەواژەیەکی تر، یان واژگەلێکی کەلەزمانەکانی ترەوە وەردەگیرێن و بەواتاو کاربوردێکی بەتەواوی جیاوازەوە پانتایی زمانی خۆیان پەرەپێدەدەن. پێویست بەوتنە کەئەوەی وەك ڕەگ ئاژۆی ڕواڵەتی زمان ناو لێدە بردرێ، ئیدە ئالێکە کەلەزمانی مێدا دەدرێتە بەر سەرنج، بەڵام بەهۆی بەرتەسك بوونی بڕیارە زمانیەکان، ئەم بەمێ کردنە تایبەتمەندی خۆی لەدەروونی زمان دا دەردەخات.

لەهاونیشینی واتایدا کەپەیوەندی لەگەڵ حەوزەی مانایی زمان دا هەیە، هەر وشەیەك جیا لەماناکەی خۆی بەقەرار گرتن لەپاڵ وشەیەکی تردا، دەبێتە خاوەنی مانایەکی دیکەش و لەڕاستیدا ڕەگ ئاژۆی واتایی پێك دێت.

لەبەشی ئەدەبیات دا، بزوتنی لەخۆ ڕەگ ئاژۆ وە بۆ هیتر ڕەگ ئاژۆ (هەڵکشانی واتایی) بەشێوەیەکی دنیا گرتر رووی داوە. بەچەشنێك کە، بزوتنی لەدیسان دەرخستنەوەی ڕاستەقینەوە بەرەو واقعییەتی ئەدەبیە. بەرە بەرە ئیمکاناتی ڕەگ ئاژۆیی ئەدەبیات لەتوێژە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتەیدا بەکار براوە. هەروەك لەگۆشە نیگاکان، دروستکردنی فەزاکان، هەمەجۆر شەخسیەت پەردازی و چەشنێك "کەسایەتی دروستکردنی زمانی لەئەدەبیات دا وەك ئەوەی لەهەر دەورەیەك دا ، پڕ سەمەر بوونی یەکێك لەڕەگەزەکانی ئەدەب جێی سەرنج بوەو لەهەر چەشنە توانایییەکی پەرەگرتنی لایەنە ئەدەبیەکان نمودار بەدەستەوە دراوە، وەك، ئارایش و وەسفی لەڕادە بەدەری کەسایەتیەکان و پڕسەمەری و هەڵکشانی واتایی گۆشە نیگا، یان فەزاسازی و گێڕانەوە. واژەی زەین لەزمانی فەرانسەدا spirt نێرەو لەئەڵمانیدا subject خەسیوەو لەعەرەبیش دا نێرە. کەدەکرێ بڵێین لەئاوێتە بوونی زمانی وتاری (مێ) و زمانی زەینی (نێر)دا ئەدەبیات پێك دێت. ئەدەبیات منالی زەین و زمانە. زەین نیشان دەرەوەی زانیارییەکانی خەیاڵ و، یان توانایی وەرگرتنی مرۆڤ لەدنیای دەرەوە لەرێگای زمانەوەیە.

ئێستا، دەکرێ سێ جۆر ئەدەبیات لەبەرچاو بگرین:

ئا. ئەدەبیاتی زمانی: بابەت زمانە.

بێ. ئەدەبیاتی گێڕانەوە: زمانی کەرەسەی دەربڕینە.

جێ. ئەدەبیاتی زمانی–ڕیوایی: بابەت زمان نییە، زمان وەك ژن بەجنسی دووهەم دەژمێردرێ.

ئەدەبیاتی زمانی، خۆی ژنانە بوونی ئەدەبیاتە کەلەودا کەڵك لەئیمکاناتە زاتیەکانی زمانی گەراخەر وەردەگیرێ، ڕەنگە نووسەر پیاوێك بێت کەلەڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە لەچینی ئەدەبیاتی پیاوسالارانەدا قەرار بگرێ، بەڵام لەڕوانگەی هۆویەتی ژنانەی ئەدەبیاتو ژنانە بوونی ئەدەبیاتەوە، لەرێگای زەینی رۆشنی خۆیەوە بگاتە رۆحێکی ژنانەو ئیمکاناتی سەمەرگرتوی ئەدەبیو هیتزایی لەدەق دا و دەرون زایی لەزمان دا پێك بێنێت. بەسەرەنجدان بەوەی کەرەگ ئاژۆ بەشێکی جیا نەکراوەی زمانەو، زمانیش توخمی سەرەکی پێکهێنەری ئەدەبیات، ڕەوتی بەپێچەوانەی لەزمانەوە بۆ داستان، ڕەوتی ڕوو لەگەشەی ئەدەبیاتە.

لەڕابردوودا داستانەکان لەدڵی سروشتەوە ڕەخنەی کردۆتە زەینی بەشەرەوەو زمان، بۆتە چوارچێوەی ئەو داستانانە. دواتریش ئەم ڕەوتە سروشتیەی بزوتن لەسروشتی داستانیەوە بەرەو زمان تا ماوەیەکی زۆر هەر لەسروشتو فەزا کۆمەڵایەتیەکان نمونە بەرداری کراوە. ئێستا، ئەم بزوتنە بەپێچەوانەیە، کەلەزمانەوە بەرەو داستان دە ئاژوێ. زمان لەئیختیار بەشەردایەو داستان لەدەروونی دا قەراری گرتوە، بەشەر لەرێگای زمانەوە، داستانەکان ئاشکرا دەکات. بەهەر ڕادەیەك داستان لەزمان نزیکتر بێت، ژنانە ترە. بۆ نمونە، لەجەریانی دەقێکی ئەدەبیدا، وشەیەکی بێ کەڵکی وەك درگا، یان پەنجێرە دێتە ئاراوەو لەلایەنی زمانییەوە گشت ئەو ئاوایانەی کەدرگا، یان پەنجێرە وە بیر دێنێتەوە یان گشت وشەکانی هاونشینی وشەی درگا، یان پەنجێرە لەداستان دا دێنێتە ئاراوەو دواتر لەسەر ئەساسی هەر ئەم چەند خاڵە سەرەکیە، بابەتی داستانی دروست دەبێ کەلەدەربڕینی پۆشراودا مەسایلی کۆمەڵایەتیو تاکەکەسیش دێتە ئاراوە، بەڵام ئەوە وشەکانن کەداستان ڕێبەرایەتی دەکەنو دەیگەیەننە ئاکامو کۆتایی، هەرواکە ماناو بابەتەکەش لەگێڕانەوەدا، داستانەکە کۆتایی پێدێنێ.

سەرچاوە: ئینترنێت